
فەلسەفەی دوالیزم

له هزری د. زەکی نەجیب مەحمود دا

ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام

و: محەمەد وەسمان



42965

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

دەزگای وەرگێڕان



دەزگایەکی نەهلییە بایەخ بە بواری وەرگێڕانی کتێب دەدات

خاوەنی ئیمتیاز: حەسەن ئەحمەد مستەفا

سەرنووسەر: مقداد شاسواری

ناوی کتێب: فەلسەفەی دوالیزم ـ لە هزری د. زەکی نەجیب مەحمود

نووسینی: ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام

بابەت: فەلسەفە

وەرگێڕانی: محەمەد وەسمان

بەرگ:

پیتچنین و هونەرکاری ناوەرۆک: زانکۆ محەمەد

تیراژ : ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٢٥٠٠ دینار

چاپ : یەکەم ٢٠٠٧ - هەولێر

چاپخانە :چاپخانەی منارە - هەولێر

لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی (٧٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ.

ناونیشان:

هەولێر/ گەڕەکی سێتاقان، نزیك ئامادەیی کوردستان

نورماڵ: ٢٥٣٢٠٩٩

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

لەبری پێشەکی:

ئەم کتێبە چەندان ڕاوبۆچوونی فەلسەفی و گۆشە نیگای جیا جیا سەبارەت بە گەردوون و مرۆڤ، کۆمەڵ و تویژ و چینەکانی، بیرمەندێکی بەتوانای تێدایە، پوختەی ئەزموونی فەیلەسووفی بە تواناو فرەزان د.زەکی نەجیب مەحموود(١٩٠٥ - ١٩٩٣)ە، ئەو فەیلەسووفەی خاوەن هەڵوێست و جیهانبینی تایبەتی بوو لە نێو سەرجەم بیرمەندان، خاوەن ڕاڕەوێکی فەلسەفی بە ناوبانگ بوو، بانگەوازی بۆ بیری زانستی و نازادی ڕادەربڕین دەدا، ڕوانگەی تایبەتی بۆ ئەدەب و هونەرو لایەنەکانی دیکەی ڕۆشنبیری ئەم بیرمەندەی لەخۆ گرتووە، لەم قۆناغەی گۆڕان و پێشکەوتنی ئەتەوەکەمان شایانی بەسەرکردنەوە و زانینە.

د. زەکی نەجیب مەحموود لە یەکی شوباتی ١٩٠٥ لە دێی(مەیت خولی عەبدوڵلا) لە پارێزگای (دمیات) لە میسر لە دایک بووە. هەر لەوێ و لە قاهیرە سەرەتایی تەواوکردووە، کۆلیجی جوردن لە خورتوم، ناموژگای ماموستایانی باڵا، لە قاهیرە، لە ١٩٣١ - ١٩٣٠ تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٤٧ بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفە لە کۆلیجی شاهانەی (Kings College) زانکۆی لەندەن، ١٩٤٤ - ١٩٤٧ وەرگرت. لە ساڵی ١٩٦٠ خەڵاتی دەوڵەتی لە فەلسەفە بە کتێبەکەی (نحو فلسفة علمية - بەرەو فەلسەفەیەکی زانستی) وەرگرت.

لە ساڵی ١٩٧٥ خەڵاتی ڕێزلێنانی دەوڵەتی لە ئەدەب وەرگرت.

-لە ساڵی١٩٨٤ خەڵاتی ڕۆشنبیریی عەرەبی لە کۆمەڵەی دەوڵەتانی عەرەبی وەرگرت.

- لە ساڵی ١٩٨٥ لە زانکۆکانی ئەمەریکا پلەی دکتۆرای شانازی وەرگرت .

- لە ٨ی ئەیلولی ١٩٩٣ کۆچی دوایی کرد، دوای ئەوەی ژیاننامەی لە سێ کتێبدا نووسیەوە: چیرۆکی هۆشێک، چیرۆکی دەروونێک و درۆینەی ساڵان کە لە ١٩٩١ دەرچوو، کە دوا کتێبیەتی و دوای ئەوە لە نووسین وەستا.

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

کورتە ناساندنێکی کتێبەکانی:

- لە فرە زیاندا (في مفترق الطرق)، سالی بڵاوبوونەوە (دوا چاپ) ١٩٩٣ کۆمەڵە هزرێکە تیایدا نووسەر ئاماژە بە زۆر لایەنی کەسایەتی میسری و تایبەتمەندی بیری عەرەبی و سیاسەتی میسری دەکات، لەتەک شیکردنەوەی قۆناغی نێستای ژیانمان.

- (عەرەبێک لە نێوان دوو رۆشنبیریدا) (عربي بين ثقافتين). سالی بڵاوبوونەوە ١٩٩٣، جیاوازی لە نێوان رۆشنبیری عەرەبی و رۆژئاوایی، کە بووەتە هۆی بوونی دوو چیژی لێک جیا بۆ ژیانی مرۆڤ لە دوو توێی کۆمەڵە گۆشەیەکدا، کە سەر بە بنەماکانە لەبەر قوولی شوێنگەی لە وتاری رۆشنبیریدا، لە هەمان کات گۆشە نیگای زانستی بۆ بارودۆخی ژیان بە شێوەیەک زانست وشەی یەکلاکەرەوە و بڕیاردەرە، پوختەیەکی تێدایە کەوا باس لە هەنگاوە هزرییەکان دەکات، کە نووسەر لەسەری رۆیشتووە.

- (تصة عقل)(چیرۆکی هۆشێک) : لەم کتێبەیدا لە شێوەو بەتەکنیکی رۆمان سەبارەت بە لایەنێکی کەسایەتی خۆی و چالاکییەکانی خۆی دەدوێت.

- (بەهەشتی گێلەپیاو) (جنة العبيط)١٩٨٨ کۆمەڵە وتارێکی فەلسەفین

- (هۆش پەسندو هۆش ناپەسند)(المعقول واللامعقول)

هۆشپەسندو هۆش ناپەسند لای هزرمەندان و فەیلەسوفانی عەرەب و موسڵمانانی وەک غەزالی و جاحیزو فارابی و نیبن سیناو پەرەسەندنی نەم هزرە بە درێژایی مێژوو و شیکردنەوەی نەم بیرۆکەیە و بەراوردکردنی بەها و شێوەکانی لە ئەوروپا.

- ژیانی هزر لە جیهانی نوێدا
(حياة الفكر في العالم الجديد)
١٩٨٧

- دیدگای نیسلامی، (رؤية اسلامية) ١٩٩٣

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

چۆنیەتی یتەوکردن و بەهێزکردنەوەی جیهانی ئیسلامی لە رێگای فراوانکردنی بازنەی پەرستشی بۆ نەوەی کارو کارگەی بگرێتەوە. شوێنی هێز لە ژیانی هزریماندا و بەردەوامی هاوبەندی نێوان رابردوو ئێستامان، هاوکات شوێنی بێهێزی و سستی لە ژیانی رۆشنبیریمان و پشتگوێ خستنی هەموو هزرەکان، هەروەها چۆنیەتی بە هێزکردنی هزری لە ریز بوون .

- چیرۆکی شارستانی، (قصة الحضارة) ١٠٠٢

دانانی /ول دیورانت

وەرگێڕانی: زەکی نەجیب مەحمود / محەمەد بەدران.

بەرگی یەکەمی کتێبی (قصة الحضارة) کە لە ٤٤ بەش لە ٢٢ بەرگ پێک دێت :

خوانێکی گەورەیە سەبارەت بە مێژووی مرۆڤایەتی هەر لە مێژوومەوە، بایەخ بە لایەنی مێژووی سیاسی ناگەیەنێت، بەڵکو گشت بایەخدانەکە لایەنی شارستانی دەگەڕێتەوە و گواستنەوە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دی، هۆکارە یاریدەدەرەکان .

- کۆمەڵگەیەکی نوێ یان کارەسات، (مجتمع جديد او الكارثة)١٩٩٣

بەدواداچوونێکی گیرو گرفتەکانی کۆمەڵگەیە و دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشە و شێوازە بەراییەکانیەتی بۆ ناساندن و ناسینی رێگا چارەی دروست بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگەی عەرەبی لە کارەساتی کە دەورەی داوە .

- لە گۆشە نیگایەکی فەلسەفییەوە ، (من زاوية فلسفية) ١٩٩٣

هزری فەلسەفی لە میسر لەم ماوە هاوچاخەدا و هەوڵدان بۆ گونجاندنی نێوان هزری هاوچاخ و رۆشنبیری و نێوان کولتووری رابردوو و وەرگرتنی هزری رۆژئاوایی و کێشە هزرییە هاوچاخەکان کە شەقڵەکانی کۆمەڵگەی هاوچاخ هێناویەتی و گیرو گرفتی وشەی لە بێ واتایە و گومانلێکراوییە، هاوکات نەو بەمایانەی

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library